# یاسای ڕێکخستنی غەرامەکانی هاتوچۆ لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ١٨**
**مێژووی بڕیار: ٢٧/٩/٢٠٠٠**

## «بڕیار»

پشت بەو یاساکارییەی کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە(٥)ی ڕۆژ (٢٧/٩/٢٠٠٠)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی حوکمی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) لەیاسای ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢)و، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە (٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٧) پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٠)

## یاسای ڕێکخستنی غەرامەکانی هاتوچۆ لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا

**یەکەم:** هەر کەسێ ،لەکارێ لەم کارانەی خوارەوە تێوەگلێ بەم غەرامەیە سزا دەدرێ کە بەرامبەری دیاری کراوە:

١- ئوتومبێلێ باژوێ لەوحەی تۆمارەکەی ڕوون و ئاشکرا نەبێ یا فەوتابێ غەرامەکەی (٥٠) پەنجا دینارە.

٢- ئوتومبێلێ باژوێ لەوحەی تۆماری نەبێ غەرامەکەی (٢٠٠) دووسەد دینارە.

٣- ئوتومبێلی گەورەی بارهەڵگر و هی ئینشائی و کشتوکاڵی یا پاسی گەورە، لە کۆڵانەکان یا شەقامەکانی ناوەوە و ناوچە نشینگەکاندا بەجێ بهێڵێ یان شەو لەو جێگایانەدا بیهێڵێتەوە، غەرامەکەی (٧٥) حەفتاوپێنج دینارە، بەڵام ئەوانە ناگرێتەوە کە ماوەیەک، هەر هەندەی بەشی بارداگرتن یان بارکردن بکات ئوتومبیلەکانیان دەوەستێن.
٤- ئوتومبیل ڕاگرتن لەسەر شۆسە غەرامەکەی (٥٠) پەنجا دینارە.
٥- ئوتومبێلێ لەجێگایەکدا بوەستێنێ کە بۆ وەستاندنی ئوتومبیل قەدەغە کرابێ، یا لەریزی دووەمدا «هاوشان» بیوەستێنێ، غەرامەکەی «٥٠» پەنجا دینارە.
٦- ئاڵو واڵای رازاندنەوە، یا هی راگەیاندن، یان نووسین و وێنە، لەسەر بۆدیی ئوتومبێل یان پەنجەرەکانی پێشەوەی یان دواوەی دابنێ، غەرامەکەی (٣٠) سی دینارە.
٧- شەوقی بەرز، بەجۆرێ هەڵکا، سەر لەشوفێری ئوتومبیلەکانی تر بشێوێنێ، غەرامەکەی (٥٠) پەنجا دینارە.
٨- لەجادەکانی دەرەوەی شاردا، ئەو ئوتومبیلانەی پشتێنی دڵنیاییان تێدایەو، نەیانبەستبێ، غەرامەکەی (١٠) دە دینارە.
٩- لەو جێگایانەدا، هۆرن لێ بدا کە پۆلیسی هاتوچۆ هۆرنلێدانی تێدا قەدەغە کردبێ، یان ئامێری هۆرنی هەوایی، یان هی هەمە ئاواز بخاتە کار، یان«سەمماعە»ی گەورە لەدەرەوەی ئوتومبێل دابنێ، یان هۆرن بەدەنگی بەرز لێ بدا، یا هۆرنی وەکو دەنگی گیانەوەران بەکاربێنێ، غەرامەکەی (٧٥) حەفتاوپێنج دینارە.
١٠- شووشەی لێڵ و چاوبەستی لە پەنجەرەکانی ئوتومبیلەکەی گرتبێ، غەرامەکەی (٢٠٠) دووسەد دینارە.
١١- پەردەی قوماش، یا پەردەی کانزای چاوبەستی لەشووشەکانی دواوە یا لەشووشەکانی لاتەنیشتی ئوتومبیلەکەی گرتبێ، غەرامەکەی (٢٠٠) دووسەد دینارە.

١٢- بەکەمتەرخەمی، یان بەلاساری ئوتومبیل باژوێ، غەرامەکەی (٢٥٠) دووسەدو پەنجا دینارە.

١٣- هەر شوفێرێ بۆ ئیشارەتی گلۆپەکانی هاتوچۆ، یان بۆ ئیشارەتی پۆلیسی هاتوچۆ ملکەچ نەبێ، غەرامەکەی (١٠٠) سەد دینارە.

١٤- ئوتومبیل بەپێچەوانەی ئاراستەی هاتوچۆ، کەدەسلاتی هاتوچۆ دیاریی کردووە، باژوێ، غەرامەکەی (٢٠٠) دوو سەد دینارە.

١٥- هەر شوفێرێ، لەشانی ڕاستەوە پێش ئوتومبێلێکی تر بکەوێ و بەهەڵە تێپەڕێ، غەرامەکەی (١٠٠) سەد دینارە.

١٦- بەرزکردنەوەی باروبارخانەی ئوتومبێلی بارهەڵگر، بەرزتر لەو ئاستەی کە پۆلیسی هاتوچۆ دیاریی دەکا، غەرامەکەی (٥٠) پەنجا دینارە.

١٧- باروبارخانەی ئوتومبیلەکەی بەجۆرێکی توندو تۆڵی ئەوتۆ دانەپۆشیبێ کە نەیەڵێ لەکاتی ڕێ کردن یان لەرینەوەدا، بارەکەی بپەڕێ یا بڵاوببێتەوە، یان بەربێتەوە، غەرامەکەی (١٠٠) سەد دینارە.

١٨- لەو جێگایانەوە پێچ بکاتەوە کە ڕێگای پێچ کردنەوەی پێ نەدراوە، غەرامەکەی (٥٠) پەنجا دینارە.

١٩- ئوتومبێل بەخێراییەک، زیاتر لەو خێراییە باژوێ کە یاسا دیاریی کردووە، غەرامەکەی (٥٠) پەنجا دینارە.

٢٠- ئوتومبیلێ باژوێ شەرتوشروتی توندوتۆڵی و دڵنیایی تێدا نەبێ «کەموکووری لە گلۆپەکانی پێشەوە، یا دواوەی، یا ئیشارەتەکانی لاتەنیشتەکانیدا هەبێ»، غەرامەکەی (١٠٠) سەد دینارە.

**دووەم:**

١- هەر یەکە لە ئەفسەری هاتوچۆ و قۆمیسەر (مفوض)ی تا پلەی دووەمی هاتوچۆ، دەسەلاتی دادوەریان پێ دەدرێ، بۆ ئەوەی سزاکانی ئەو سەرپێچییانەی کە دەیگرن و لەبەندی (یەکەم)ی ئەم یاسایەدا هاتووە، بسەپێنن.

٢- ئەو بڕیاری حوکمەی کە ئەفسەری هاتوچۆ یان قۆمیسەری تا پلە دووی هاتوچۆ بەپێی ئەم فۆرمە (نموذج)ی هاوپێچ لەگەڵ ئەم یاسایەدایە، دەی دا، بڕدراوەیەو، هەر ئەوەیە.

**سێیەم:**

(٢٥ ٪)ی غەرامە فەوریبە وەرگیراوەکان بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بۆ کارمەندانی هاتووچۆ تەرخان دەکرێ.

**چوارەم:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، کاری پێ ناکرێ.

**پێنجەم:**

وەزیرە پێوەندیدارەکان، دەبێ حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە کار.

**شەشەم:**

ئەم یاسایە لەرۆژی بلاوکردنەوەی لەرۆژنامەی رەسمیدا، دەخرێتە کار.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**